www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19-8-2007 14:21

سڵاوێک یش ؛ لە بنکە تەندروستیەکەی گوندەکەی دکتۆر محەمەد خۆشناو بکەن!! ... جەمال

کارمەندێکی تەندروستی بەڕێز لە سایتەکەی ئێوەدا، بابەتێکی سڵاو ئامێزی نووسیوە، سەبارەت بە بنکەی تەندروستی پشت گوی خراوی بێستانە، سەرنجەکانی ئەو کارمەندە تەندروستیە، لە جێی خۆی دایە، منیش هاوڕام لەگەڵی و دەڵێم، هەر خوا دەزانێت، چ پارەیەك بە ناوی ئەو بنکە داماوەوسەدان بنکەی هەتیوی تری، خوراوە، لە کاتێکدا بنکەی تەندروستی بێستانە، دەکەوێتە سەر ڕێگای گشتی سلێمانی و ڕۆژانە سەدان و سەدان هاوڵاتی و بەرپرسی حکومی و حزبی دەیبینن و سڵاوی لی دەکەن، ئەمە حاڵی بێت، ئەی ئەو بنکانەی لە دوورترین گوند و لە قوڵایی شاخ و قەد پاڵی چیاکان و لادێکان دان و بە پێنج ساڵ بەرپرسێك یش نایبینێت، ئەی ئەو بنکە بەستە زمانانەی لە لایەن کۆمپانیای بەرپرسەکان و برای وەزیر کراون و کەس گوێی لە هاوارو تەقینی دیوارەکانی و کەل وپەلە شکاوەکانی ناوەوەی نیە، ، ، ، ...، ، ،

لێرەوە من ڕوو دەکەمە ڕۆژنامە و ڕۆژنامە نووسانی ئازادی کوردستان، هەرچی زووە ئەوان یش، سڵاو و لێکۆڵینەوە لە بنکە داماووبی ساحێبەکانی تر بکەن، ، ، ، ، ...، ، ، ،

لێرەشەوە بەو کارمەندە تەندروستیە بەڕێزە دەڵێم، کاکی برا تۆ چیت دیوە گیانەکەم، وەرە بۆ گوندەکەی دکتۆر محەمەدخۆشناو کە دەکەوێتە ناوچەی خۆشناوەتی و نزیك گوندی جەلی و هیران و نازەنینە، ژمارەی ماڵەکانی گوندەکەی سی، چوار ماڵە و کەسیان دەست نوێژ یان لە یەکتر ناشکێت، بنکەیەکی تەندروستی گەورەو دوو خانووی کارمەند ی بۆ کراوەو عەشیرەت، ێکیش لە سەر ئەم بنکەیە دامەزراوەو هەر دەوام یش ناکەن، کە هەر لە دەورو بەری ئەم گوندەی جەنابی وەزیری تەندروستی پێشووی ئیدارەی سلێمانی دکتۆر حەمە خۆشناو، چەندین بنکەی تەندروستی و خانووی کارمەند هەیە..، کارمەندی تەندروستی بەڕێز کارە نەشیاوەکانی ئەم زاتە قەت تەواو نابێت، ئاخۆ دەبێت، ئێستا چەندان بنکەی تری بەش مەینەتی، سیما جوانی ناوەرۆك وێران مابن و چاوەڕی سڵاوێك بکەن و بەسەریان بکەینەوە...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.